# پەردەکانی عیشقو چاوەڕوانی

بەکر مەحمود/ قەلادزێ

هەمووی سەرابە سەراب...
بەم هەگبە پڕ ئاشوبەوە بەرەو کوێ مل
دەنێی؟!
لەمە زێتر هەنگاوەکانت بڕناکەن.
بومە لێڵی خەونە ئیاگۆکان سەفەریان کرد.
سەفەرێکی هاتو نەهات.
بە هەگبەیەکی خاڵی لە عیشقو
باخێکی بێ گوڵە ئەبەنووسیو
ئەرخەوانیەکان،
دەریایەک بێ نەورەسەکان،
ئاسمانێک بێ جریوەی ئەستێرەکان.
لەم ڕێ کردنەدا،
وێستگەیەک کەویت ناکاتو
خۆری ئاشوبت هەڵنایەت.
بگەڕێوە...
بەسەر پەردەکانی عیشقا راببورە
خۆرێ چاوەڕێتەو
ئامێزەکان ئاوەڵان بۆ راموسانت
پەنجەکان بۆ تۆقەیەکی گەرم
زمانێک بە شیلەی هەنگو گوڵ دەدوێ
سەردەمی تەوتەمەکان بەسەرچوو
نەخشەکانی ئیاگۆ پێچرانەوەو
گفتوگۆی بێزەنتیانە کۆتایی هات.
بۆ لەمەودوا ئەلیکۆکان چیتر
قەرەجەکانی پۆشکین سەرنابڕن!...
ئیڤانۆڤەکانی چیخۆف
لەدیار تەرمی تاقانەکەیانەوە
دۆش دانامێنن
بۆ لەمەودوا بابە گەورەی تۆڵستۆی
جێمان ناهێڵێو
کۆچە ئەبەدیەکەی کۆتایی دێ!..
راسپۆتینەکان چیتر ناچنە پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە
بگەڕێوە...
قەرەجەکان، بەچاوێکی پڕ لە عیشقەوە
چاوەڕێتن!..
بۆ لەمەودوا خوێنو عیشقو شیعری پۆشکین
لەسەر بەفرا سەر نابڕدرێت!..
لەشەوێ چواردەدا
دار زەیتونەکان ناهێڵن
خوێنی لۆرکا بڕژێ
رەشەکان... خوێنگەرمە شیرنەکان
چاوەڕێی تەرمی باتریس ناکەن
بگەڕێوە...
ئەی هەناسەی گۆڕستانی ناو ژورەکەم
بگەڕێوە...
من ئێستا غەریبیت دەکەم
پەردەکانی عیشق چاوەڕێتن
بگەڕێوە..
دنیایەک لە عیشقو نیشتیمانێک لە خەندە
چاوەڕێتە!!..



# چەند پارچە شیعرێکی ئەحمەد مەتەڕ

وەرگێڕانیان بە دەسکاریەوە لە عەرەبییەوە   مستەفای سەید

## لێوەرگرتن

هەڵبەت ئەو قەت ناکوژێتەوە"
شەوان لەنێو دڵی مندا
دەگوزەرێنیَ...
هەموو دەمیَ،
ئەو خۆرە تا نەمرێتەوە
لە تاریکایی شەوێنیَ
ئامێز لە دڵی من وەردێنیَ!

* * *

## کوڕی دارستان

لە خاکێکی فەرامۆشکراو،
لە پشتەوەی وڵاتی غال
تا بڵێی دوور...
کوَڵ هەڵگرێک،
پێی گوتم: گەورەم، خەڵکی کوێی؟
پرسیارەکەی رایچڵەکاندم
وەک ماری لە بنەو پاڵەوە،
وەک دڕکی تیژو بەردی زوور!
خەریک بوو بڵێم: عەرەبم،
بەڵام پێم شەرم بوو بڵێن:
کابرا خەڵکی وڵاتێکە
کە لەوێدا فەرمانڕەوان
رەوە ئێستری مل ئەستوور!
یەکسەر بیَ دوودڵی گوتم:
ئەمن خەڵکی دارستانم
لە کوێم بوو وڵاتو سنوور؟!
بە سەرسامی لێم وردبۆوەو
بە هەڵچوونەوە پێی گوتم:
بە راست خەڵکی دارستانی
کوڕی جەسوور؟!
پێم گوت: بەڵیَ"
یەکسەر گوتی:
لە عەرەبەکانی باشوری،
یان ئی باکوور؟!

* * * *

سەرچاوە:
احمد مطر، لافتات ٧، الطبعة الاولى،
تموز (یولیو)١٩٩٩، لندن.



## جامیَ مەی

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

١
ڕێگای چاوت
کانی چاوم ئەشڵەقێنیَ
جامیَ مەیم
بۆپڕئەکا لە ئەسرین و
یا هەمووم پیَ ئەنۆشیَ
یا لەناوبا ئەمهەژێنیَ

٢
لە سەفەری ئەم جارەمدا
بڕیار ئەدەم
پڕڕاو پڕپڕیاسکەکەم
مووروی جوان و
ملوانکەی ڕەنگاو ڕەنگ ببینم
تا بەبیانووی ئەوانەوە
بۆساتێک بیَ
باڵندەی حەزە شێتەکەم
لە سینەتا بخەوێنم



## تارا ڕەسول :

# دەرکەوتنی من وەك ژنێك خۆی لە خۆیدا خزمەتێکە بە پرسی ژن



دوای ئەوەی ڕۆژی (٨/ ٧/ ٢٠٠٧) ژنەهونەرمەندی دەنگخۆش تارا ڕەسول بە مەبەستی کردنەوەی کۆرسێکی تایبەت بۆ فێربونی خوێندنەوەو نووسینی لاتینی بۆ نابینایانی سنوری دەڤەری ڕاپەڕین سەردانی ڕانیەی کرد، بە دەرفەتمان زانی بچینە خزمەتی‌و دیدارێکی هونەری لەگەڵ سازبکەین٠ ناوبراو ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایکبووە، چەند ساڵێك لە پەیمانگای نابینایانی هەولێر خوێندویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی‌و وەك فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری بەشی موزیك دامەزراوە٠ ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەمجار لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانی چەند بەرهەمێکی تۆمارکردووە٠ ساڵی ١٩٩٧ سەردانی وڵاتی سوریای کردووەو دواتر لەوێوە چووەتە سوید، لەوساوە تا ئێستا لە شاری ستۆکهۆڵم ژیان بەسەردەبات‌و چەند جارێك بە سەردان بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە٠

زنار : تۆ وەک ژنێک تاچەند هونەرەکەت خستۆتە خزمەت پرسی ژنەوە، لە کاتێکدا ڕۆژانە دەیان ڕوداوی وەک بەردبارانکردنی دوعا لە کوردستان دوبارە دەبنەوە، ئێوەی ژنانی هونەرمەند هەڵوێستی پێویستتان لێ بەدیناکرێت

تارا: کارکردنی هەرکەسێك لە بواری هونەردا خزمەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، دەرکەوتنی منیش  وەك ژنێك، خۆی لە خۆیدا خزمەتێکە بە پرسی ژنان، لەکۆمەڵگەی داخراوی ئێمەدا زۆر ژنی بەهرەمەند لەبوارە جیاجیاکاندا بوونیان هەیە، بەلام داب‌ونەریتی دواکەوتوو ڕێگرە لەبەردەم دەرخستنی بەهرەکانیاندا، دەربارەی شێوازی هەوڵدانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیشیان من دەمێکە وتومە کە ناشێ ئێمەی ژن داوا لەکەس بکەین ئازادیمان پێببەخشێت، بەڵکو دەبێت ئازادی لەخۆمان داوابکەین بۆخۆمان، گرنگە ژن خۆی بۆخۆی هەوڵی زۆر بێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادیەکانی، لەو پێناوەشدا پێویستە (شەرم)و(عەیبە)و(ترس) بەلاوەبنێت٠

زنار: وەک ئاگادارین بەڕێزت لە میانەی کارە هونەریەکەتدا تا ئێستا پێنج گۆرانیت

بۆ منالآن گوتوه، بۆ داهاتووش شەش گۆرانی دیکەت بۆ منداڵان لەبەردەستدایە، لێرەدا دەمانەوێت بپرسین کە بۆچی هونەرمەندانی دیکەی کورد کەمتر گۆرانیان بۆ جگەرگۆشەکان گوتوە، من لەو ڕووەوە دوو هۆکار دەبینم، یان ئەوەتا ناتوانن خۆیان لە قەرەی ئەو هونەرە هەستیارە بدەن کە هونەری گۆرانی منداڵانە، یاخود قێزدەکەنەوە لەوەی گۆرانی بۆ منداڵان بڵێن، تۆ کامە هۆکارەیان بە ڕاست دەزانیت

تارا: پێموایە هۆکاری یەکەم بێت، چونکە کارکردن لە دنیای منالآندا هەروا ئاسان نیەو زۆر سەختە، هونەرمەند کاتێك دەیەوێت بەرهەمێك بۆ منداڵان تۆماربکات دەبێت تێکستێك هەڵبژێرێت کە مێشکی منالْ وەربیگرێت و بتوانێت بیڵێتەوە.

زنار: تۆ پێتوانیە کە چینی دەنگت نزمەو ئەو جۆرە دەنگانەش لەڕووی زانستیەوە کەمتر سەرکەوتوو دەبن لە گۆرانی گوتندا

تارا: دیارە دوو جۆر دەنگی نزم بۆ گۆرانی گوتن بوونی هەیە، یەکەم ئەو دەنگەیە کە خاوەنەکەی نەتوانێت بەبێ مایکرۆفۆن گۆرانی بڵێ، دوەمیشیان دەنگێکی سنوردارە کە لە کۆمەڵێك تۆن دەرناچێت، لەبارەی خۆمەوە دەڵێم دەنگی من دەنگێکی ئارامە، هەرچەندە گۆرانی گوتن بەبێ مایکرۆفۆن زۆر دژوارە بۆ من، بەڵام دەتوانم چەند تۆنێك ببڕمو دەنگم بەرزبکەم.

زنار: تۆ کەمتر پەنات بۆ ئاوازی ڕیتمی خێرا بردووە، خۆت حەزت لەوجۆرە گۆرانیانە نیە یان دەنگت یارمەتیدەری ڕیتمی خێرا نیە

تارا: ڕیتمی خێرا تا ڕادەیەك بوارێکی جیاوازە بۆ دەنگی من، ڕەنگە دەنگم زۆر یارمەتیدەر نەبێت بۆ ئەو جۆرە ڕیتمە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە بەتەواوی دژی ڕیتمی خێرا بم، بەڵکو هەرکاتێك تێکستێکی جوان و شایستەم دەستبکەوێت کە کارێکی تازە بێت لە گۆرانی خێرادا ئەوا بە شانازیەوە دەیڵێم.

زنار: گۆرانی (هەستێک) یەکێکە لە بەرهەمە جوان و ناوازەکانت، پێدەچێت لەڕێی ئەم گۆرانیەوە گلەیی لە کەسێک بکەیت، ئایا لە ڕاستیدا ئەم گۆرانیە چیرۆکێکی لە پشتەوەیە ؟

تارا : بەڵێ ئەمە وایە، ئەوەی تێکستەکەی بۆ نوسیم موزیکژەنێکە کە لە نزیکەوە دەمناسێت، گۆرانی هەستێك چیرۆکێك بوو لە ژیانی من و، کاك (خالید مەجید فەرەج) لەسەر ئەو چیرۆکە تێکستەکەی داناوە.

زنار : کەواتە دەتوانین بڵێین هەر یەکێک لە گۆرانیەکانت ڕەنگدانەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆتە ؟

تارا: بەڵێ بێگومان.

زنار: بۆتە مۆد لای هونەرمەندانی کورد کە ئەوانەی بە زاراوەی کرمانجی خواروو قسەدەکەن لە ئەلبومەکانیاندا بەرهەمێک یان زیاتر بە کرمانجی ژوروو تۆمار دەکەن وە بەپێچەوانەوە، تۆ پێشتر چەند گۆرانیەکت بە زاراوەی کرمانجی ژوروو گوتوە بەڵام ئەو ئاوازانە پێشتر گوتراون، لە بەرنامەتدا نیە ئاوازێکی تازە بەو زاراوەیە بڵێیت

تارا: بەڵێ ئەم کارە دەکەم، لە ئەلبومە تازەکەمدا کە هێشتا تۆمارم نەکردووە دوو گۆرانی بە زاراوەی کرمانجی ژوروو تێدایە کە پێشتر نەبیستراون.

زنار : دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی تاچەند خزمەت بە هونەری ئاوازو موزیکی کوردی دەکەن، پێتوانیە گۆرانی کوردی دوچاری ئاڵۆزی و لادان بووە لە کاتێکدا ڕۆژانە چەندین بەرهەمی تازە لەدایک دەبن کە زۆربەیان چ لەڕووی ئەداکردن چ لەڕووی کلیپەوە مۆرکی کوردییان پێوە دیار نیە

تارا: ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن لە دوو ڕووەوە کەمتەرخەمی دەنوێنن، یەکەم هەر جۆرە گۆرانیەك بێت دایدەبەزێنن بێئەوەی لەوە بکۆڵنەوە تا چەند کارێکی هونەرییە، دووەمیش ڕێز لە کاری جوان ناگیرێت و خاوەنەکەی تەنانەت زۆرجار سوپاسیش ناکرێت، کاری هونەری باش فەرامۆش دەکرێت.

زنار : ئەی دەربارەی کلیپی گۆرانیە کوردیەکانی ئێستا چی دەڵێیت

تارا: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ من سەختە، چونکە من نابینام و دیمەنەکان نابینم، بەڵام ئەوەندەی ئاگاداربم زۆربەی گەنجان حەز بە بینینی ئەو کلیپانە دەکەن، منیش پێم خراپ نیە، بەڵام پێشنیار دەکەم کۆمەڵێك کادیری باش لەبواری کلیپدا بنێردرێنە دەرەوەی وڵاتو، ئامێری باشتریش بهێنرێتە کوردستان، بۆ ئەوەی کارەکان باشتر بەڕێوەبچن.



# لاپەڕەیەك لەمێژووی گوندی بۆسكێن

ئا/محمود عمر




گوندی بۆسكێن هەڵكەوتو لەیەك كیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕانیەو كەوتۆتە دامێنی چیای كێوەڕەش لەناوجەرگەی دەشتی بیتوێن‌و لەشوێنێكی تەڕوو پاراودا لەهەرچوار لای گردێكی بەرزی بەگڵ دروستكراوی دێریندا وەكو شانەی هەنگ خانوەكانی بەسەر یەكەوە دروستكراون. مامۆستا (عمر ئەمین) سەبارەت بەدێرینی بۆسكێن‌و گردەكەی نوسیویەتی وادەبینێت كە بۆسكێن یەكەم شوێن بوبێت كەمرۆڤ تێیدا نیشتەجێ بوبێت دوای هاتنە خوارەوەی لەئەشكەوتەكان واش پێدەچێت تائەو كاتەش مەترسی تۆفانێكی دیكەی هەبوبێت بۆیە لەسەر گردێكی بەرز نیشتەجێ بوونە كەناسراوە بەگردی بۆسكێن. گردی بۆسكێن شان بەشانی گردەكانی شمشارەو باسنوسیان لەسەردەمی(شاكوارە) دروستكراوەو بەدەیان پارچە سواڵەت‌و خشت‌و موروو سەرەتیری لێدۆزراوەتەوە سەبارەت بەناوی بۆسكێن بەڵگەیەكی ئەوتۆمان دەست نەكەوت، بەگشتی بۆسكێنیەكان پێیان وایە ناوەكەی لە (ئەبو سەكینە)وە هاتوە كە دار شەخسێكە لەخواروی بۆسكێن ڕایەكی دی دەڵێت لەكاتێكدا (أحمد بەگی شارەزوور)ی بەسوپاكەیەوە بەوشوێنەدا تێپەڕیوە تەنها (٤) ماڵی لێ نیشتەجێ بووە، شوێنەكە سەرنجی ڕاكێشاوەو بانگی سوپاكەی كردوە (بوەسێن). لەئەشكەوتەكانی دەوری بۆسكێن ئەشكەوتەكانی (دۆڵشك، گۆڕ مریەم، خیز ماڵك) لەكانی‌و سەرچاوەكانیشی (كانی أحمد ئاغای، كانی نێومالان، كانی شێخ قادر)ی.

## كارەساتە مێژوویەكانی :-

لەبەر هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی بۆسكێن كەلەناو جەرگەی دەشتی بیتوێن‌و دەروازەی پشدەرە، حكومەتە یەك لەدوا یەكەكانی ئێراق بەناویدا تێپەڕیون‌و تەنها لەسەر هەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی كوردەوە سێ جار تەواوی گوندەكە سوتێنراوە، (شێخ سعیدی موختار) گووتی :

- بۆجاری یەكەم ساڵی ١٩٦١ كاتێ سوپای داگیركەری ئێراق لەڕانیە بەرەو پشدەر دەردەچێت، لەحاڵێكدا (شێخ حسین)ی بۆسكێنی لەقۆڵی (خەلەكان) لەشەڕدا




دەبێت‌و چەند پێشمەرگەیەكی بەسەر پەرشتی (شێخ سمایلی سەیداوا) لەنزیك داری سەیداوا بەر بە لەشكرەكە دەگرن (١٦) سەیارەی سەربازی‌و زریپۆشێك دەسوتێنن‌و ژمارەیەكی زۆری سەرباز دەكوژن، ئەو پێشمەرگانە بریتیبوون لە:

شێخ سمایلی سەیداوا

شێخ سعیدی موختار

قادری كوێخا وسوی

خدری حەسنی خانمێ

أحمدە خڕە

حەمەی خاڵە ڕەشەی، ساڵی ١٩٦٤ لەسەرو چاوە لەگەڵ چل كەسی دی شەهید كرا.

نادر جاف، لەلای داری سەیداوا شەهید بوو.

خدری حمەی ئاڵی

حمەی ڕەسوی وەتمانی ، لەهەمان شەڕدا بریندار بوو .

حاجی ئاغای سەرسیان، شۆفێری زرێپۆشەكە بەدەستی ئەو كوژرا.

عەولا غای سێوەڵێ

ڕۆژی یەكەم‌و دووەم هێزی حكومەت دەشكێت‌و بۆ ڕۆژی سێیەم دێتە ناوبۆسكێنەوە بەفڕۆكە بۆردومانی دەكەن‌و دەیسوتێنن. بۆجاری دووەم لەساڵی ١٩٦٤و جاری سێیەم ساڵی ١٩٧٤ گوندەكە سوتێنراوە.

## شێخ حسێنی بۆسكێنی كێ بوو ؟

شێخ حسین كوڕی سەید گوڵ كوڕی شێخ قادری سندۆلانە ڕەچەڵەكیان بەرزنجی‌و شێخەكانی (كانی كەوە)یە، سەید



گوڵی باوکی لەشەڕی (عەروسان) لەبۆکان شەهید بووەو شێخ حسین لەساڵی ١٩٠٧ لەسندۆڵان هاتۆتە دونیاوەو لە ٣/١٢/١٩٩٣ کۆچی دوایی کردوە، شێخ حسین پیاوێکی مەزنو ئازاو لێهاتوو بوە، زۆر حەزی بەپێشکەوتنو خوێندەواری کردوە، بەپێچەوانەی هەموو بەگو ئاغاکانی کوردستان حەزی کردوە منداڵانی گوندەکەی خوێندەوارو تەندروست بژین بۆیە لەساڵی ١٩٥٥ یەکەم مامۆستای هێناوەتە بۆسکێن بەناوی (بەکرە فەندی کۆی)ی لەسەر ئەرکی شێخ حسێن ئەو مامۆستایە دەرسی بەمنداڵانی گوندەکە گووتوەو لەبەر ئەوەی شوێنی قوتابخانەیان نەبووە (تەویلە) کەی خۆی بۆپاك کردونەتەوەو کردویەتی بەقوتابخانەو جگە لەمنداڵانی بۆسکێن لەگوندەکانی (تۆپاوا، تۆبەکاران، قورە گۆ، گولەك)ـەوە قوتابی بۆهاتوونو ژمارەیان (٧٥) قوتابی بووە وانەی (کوردیو بیرکاریو عەربی) فێر کردوون دیارە ئەمە یەکەم قوتابخانە بووە کەلەدەشتی بیتوێن کراوەتەوە، لەساڵی ١٩٥٨ شێخ حسین برینپێچێکی هێناوە بۆ بۆسکێن بەناوی (نوری ئەفەندی)و لەسەر ئەرکی شێخ حسین خەڵکی تیمار کردوە جگە لەمانەش شێخ پیاوێکی دەستکراوە بووەو یارمەتی لێقەوماوانی گوندەکەی داوە بەتایبەتی لەدابینکردنی ناندا(محمد مراد) گێڕایەوەو گووتی :- پیرەکانی بۆسکێنو تەنانەت بەبیری ئێمەش دێت کەشێخ سالانە چاڵە گەنمێکی گەورەی دادەکردو دوایی لەکاتی پێویستیدا بەخۆڕایی بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکرد، قەت ڕووی نەداوە هەژارێك لەلایەن شێخەوە دەست بەڕویەوە نرابێو بەدەستی بەتاڵ گەڕابێتەوە.

هەندێ لەشتە دەگمەنەکانی بۆسکێن :-

دەگێڕنەوە یەکەم ماڵ لەم گوندە نیشتەجێ بووە پیاوێك بووە بەناوی (حەمەدی لیاسی).

لەساڵی ١٩١٤ یەکەم ئاشی ئاو لەو گوندەدا دروستکراوە بەناوی ئاشی شێخ نووری، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیزەکان ڕووخاوە.

لەساڵی ١٩٤٨ شێخ حسین تراکتۆری هێناوە بۆگوندەکەو یەکەم شۆفێری ناوی (وەرتان) کەرکوکی بووە، دوو فیتەریشی بەناوەکانی نیکۆلاو وەسیلی بۆهێناوە.

ساڵی ١٩٥٤ دەراسەی بۆهاتووە بەئێستر ڕایان کێشاوە.

ساڵی ١٩٥٤ یەك هێڵی تەلەفۆن لەڕانیەوە گەیەنراوەتە دیوەخانی شێخ حسین.



# ئەوكاتەی لەبڕی خۆشەویستی رقو تۆڵە درەومان دەكات



ئا: پەژارە مەمەند ساڵح

ئەوكاتەی مرۆڤ لە دۆخە میهرەبانو پاكەكەی خۆی بەهۆی خولیایەكی شلۆقی یەكنەگیر لەگەل واقیع دەچێتە دۆخە شەرانگێزو ڤێزەونەكەی، ئەوكاتەی هەوڵێكی كوێرانەی كوڕێك بۆ بەدەستهێنانی دوو كچ لەیەك كاتدا بەناوی خۆشەویستی دەبێتە هۆكاری روودانی تراژیدیایەكی شوومو هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزانێكی تازەپێكهاتوو، ئەوكاتەی مرۆڤ نادروستانە لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیەدایە هەموو بیروهزری دەچێتە سەر خاڵیكردنەوەی ناخی لەو ناوەشدا مرۆڤی پاكو بێتاوان باجەكەی دەدەنو بەر شاڵاوی ئەم تۆڵە ناشیاوە دەكەون. ئەوكاتەی مرۆڤ لە پێناو خۆشیەكی كاتی خیانەت بەخۆیو هاوسەرو منداڵەكانی دەكات، ئەوكاتەی چەمكو بەهای خۆشەویستی دەبێتە دەمامكێك بۆ داپۆشینی رووی رەشی مرۆڤە درندەكان، چیرۆكێكی مەرگئامێزی قوربانیدەری لێدەكەوێتەوە وەك ئەم چیرۆكە راستەقینەی خوارەوە كە تەنیا ناوەكانمان گۆڕیون.

شەمام ئەو خانمە رووح سووكە میهرەبانەیە كەلەتەمەنی(١٥)ساڵیەوە عاشقی ئاراس دەبێت، پەیوەندیەكی ئەویندارى دەبەستن، شەمام هەمو ژیانی لەپێناو ئاراسدا دادەنێ، بەجووتە نەخشەی ژیانێكی ئاسوودە بۆ ئاینده دادەنێن. شەمام بەم خولیایەوە درێژە بەژیان دەداتو لەچاوەكانی ئاراسدا دەرك بە بوونی خۆی دەكات، بەڵام مخابن هەڵوێستی نادروستانەی ئاراس ئەو خەونوچكەیە دەروخێنێ. ئاراس لەپاڵ پەیوەندی خۆشەویستی نێوان خۆیو شەمام(ئازیز) فریودەداو لەژێرەوەو بەدزی شەمام پەیوەندی لەگەل ئەویشدا گرێدەدا لە هەمان كاتیشدا ئازیز نازانێ كە شەمامو ئاراس پەیوەندیان هەیە بۆیە لای هاورێكانی باسی پەیوەندیەكەی خۆیو ئاراس دەكات تا هەواڵەكە دەمامو دەم بە شەمام دەگاتەوە، شەمام سەرەتا گاڵتەی بەوو قسانە دەهاتو لەبڕوای پتەوی بەو خۆشەویستیەی بۆ ئاراس هەیبوو حەزی نەدەكرد لای ئاراس باسی بكات. تاكاتێك بەرەبەرە قسەو قسەلۆك زیاد دەبێتو ئەویش بەناچاری لای ئاراس باسی دەكات. بەڵام ئاراس نكۆڵی دەكاتو داوای لێدەكات باوەڕیش نەكات چونكە ئازیز قسەی بۆ هەڵدەبەستێ. ئیدی شەمام لەبیر خۆی دەباتەوە تا رۆژێك بەسەر ژووانی ئاراسو ئازیزدا دەكەوێت، شەمام بە ئاراس دەڵێت" هەرگیز بڕوام نەدەكرد ئەوەندە نامەردبیت، نەدەبوایە خیانەت بە سێ ساڵ خۆشەویستی نێوانمان بكەی،منماڵئاوا حاشا لەو خۆشەویستیە بڕۆ بۆلای ئازیزخان" هەرچەند ئاراس دەیەوێت بەبیانووی جۆراوجۆر شەمام رازی بكات بەڵام بێسوود دەبێت. لەملاوە ئاراس كە تیری نامەردی لەخۆشەویستیە بێگەردەگەی شەمام دابوو دەیەویست هەڵەكەی بەنامەردیەكی دیكە راستبكاتەوە بۆیە واز لە ئازیز دێنێ، ئازیز كە زۆر زۆر ئاراسی خۆشدەویست نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت، ئاراسیش بە هەزاران تكاو پاڕانەوە شەمام دەخاتەوە داوی خۆیو سەرلە نوێ پەیوەندی دەبەستنەوە. لەملاشەوە ئازیز زۆر هەست بە دارمانی خۆی دەكات بەهۆی لەدەستدانی ئاراس بۆیە دەكەوێتە بیری تۆڵە كردنەوە، ئاراس دەیزانی ئازیز چی لەبن سەردایە بۆیە زۆر وورپایانە لەگەل شەمام خۆیان لە هەموو تەڵەو فێڵەكانی دەبوارد، دوای بێهوودە بوونی هەوڵەكانی لەدژی ئەوان ئازیز ئاراستەی تۆڵەكردنەوەكەی دەگۆڕێت، هەڵبەتە تێپەڕبونی هەر رۆژێكی پەیوەندی نێوان شەمامو ئاراس خەمو ڕقی ئازیزی بەرامبەر بە ئەوان زیاتر دەكرد، ژوانی بەردەوامی ئەوانو گۆڕینەوەی یادگاریەكانیان ئازیزی زیاتر هاندەدا بۆ تۆڵە كردنەوە. دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر دابڕانیان، شەمامو ئاراس بارودۆخەكەیان لا ئاسایی ببۆوە وەك جاران لە بیری خۆپارێزی دانەبوونو پێیان وابوو هەڕەشەی ئازیزیان لێدوركەوتۆتەوە. ئازیزیش لەلای خۆیەوە هەرچەند لێیان دوركەتبۆوە بەڵام هەر سوورە لەسەر تۆڵەكردنەوە، هەربۆیە كەسێكی بێتاوانی خاوەن منداڵ دەكاتە ئامانجی پیلانە گلاوەكانی كە ناوی(سەمیرە)ـەیەو ساڵو نیوێك دەبێت بە خۆشەویستیو دڵخوازی خۆی شووی كردووەو خاوەن منداڵە، تەنها تاوانیشی ئەوەیە كەخوشكی شەمامی دەزگیرانی ئاراسو ركابەری ئازیزە. سەمیرە لەگەل مێردو منداڵەكانیدا لەژێر ساباتی خۆشەویستیدا ژیانی دەگوزەراند. ئازیزی بێویژدان دەرفەتێكی بۆ دەرەخسێو دەستی تۆڵەی دەخاتە ناو بەختەوەری ئەو خێزانەو بە بیانووی هاوڕێیەتی لە سەمیرە نزیك دەبێتەوە تا ناخی رەشی خۆی تێدا خاڵی بكات، سەمیرەش بێئەوەی ئاگاداری كێشەی نێوان ئازیزو خوشكەكەی بێت مەكرو فێڵی ئازیز فریوی دەداو دەبێتە جێگای بڕوایو هەموو شتێكی تایبەتی خۆیو مێردەكەی لا باس دەكات. ئازیز دوای بەدەستهێنانی متمانەی سەمیرە دەكەوێتە پلاندانانو پیادەكردنی بەرنامەكەی بە هاوبەشی لەگەڵ سەردار كە دۆستی ئازیزو كوڕێكی سیماجوان دەبێتو ئازیز چەند جارێك سەردار بەسەردان لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی سەمیرە دەبات

هەرچەندە سەمیرە ئەم رەفتارەی بەلاوە پەسەند نابێتو رووبەڕووی ئازیزی دەکاتەوە بەڵام ئازیز پێی دەڵێت" پێت وایە من شتێك بکەم زیانو خراپەی بۆتۆ هەبێت، هەمیشە من بیر لەداهاتووی تۆ دەکەمەوە، سەرداریش کوڕێکی باشە" ئیدی هەرچۆنێك بێت سەمیرە قەناعەت پێدەکات،بەڵام سەمیرە هەمیشە هەست بە جۆرێك لە رەفتاری نامۆو قسەی سەردار دەکات کە بۆنی خۆشەویستیان لێدێت. هەڵبەتە دەبی ئەوەش بڵێین کاریگەری ئازیز بەسەر سەمیرەدا وایلێکردبوو لە ئاستی هەموو ئەو گومانو رەفتارانەی سەردار بێدەنگ بێت.رۆژێك سەمیرە بە ئازیز رادەگەیەنێت کە مێردەکەی نیازی سەفەری هەیەو دو رۆژی پێدەچێتو حەز دەکەم لەو ماوەیەدا لام بمێنیتەوە. سەردار لەو دوو رۆژەدا زۆر سەردانی ماڵی سەمیرە دەکات، ئازیز رۆژی دووەم بە بیانوویەك سەمیرە بەجێدەهێڵێتو سەردار بە گوڵێکی سوورەوە دەنێرێتە ماڵی سەمیرە، کاتێك سەمیرە ئەو رەفتارەی سەردار دەبینێت نیگەران دەبێتو پێیدەڵێت کە ئەو هاوسەری هەیە، بەڵام سەردار دەکەوێتە قسەی شیرینو زمانلوسی بۆ هەڵخەڵەتاندنی کە گوایە ئازیز دەزانێت لە تاوی خۆشەویستی تۆ چم بەسەر هاتووە بەڵام سەمیرە رووبەڕووی دەبێتەوەو دەری دەکاتە دەرەوە، بەڵام سەردار هەر دەستبەردار نیەو بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەدەکاتو بەهەمان شێوەی دوێنێ بە قسەی لوسو شیرین دەیەوێ لە خشتەی ببات. تا رۆژێکیان ئازیزو سەردار دەزانن کە سەمیرە لەماڵەوە بە تەنیایە بە جووتە دەچنەلای و دەست بەقسەی لوسو بەڵێنی درۆزنانەدەکەنو ئازیز بە سەمیرە دەڵێت کە سەردار خۆشی دەوێتو کوڕێکی دەوڵەمەندەو ئەوەی لەگەل مێردەکەت بەبیست ساڵی دیکە نایبینی ئەو لەماوەیەکی کورتدا بۆت دابین



دەکاتو............ لەو جۆرە بەڵێنە ساختەو درۆیانە تاوەکو لە خشتەی دەبەنو سەمیرە تەسلیم بە ئیرادەی شەیتانەئاسایان دەبێت... ئیدی ئەمجار کە ئازیز دەزانێت قۆناغی یەکەمی پیلانەکەی سەریگرت، دەکەوێتە پیادەکردنی بەشی دووەمو رۆژێك دەچێتە لای مێردی سەمیرەو باسی پەیوەندی سەمیرەو سەرداری بۆ دەکاتو وا خۆی نیشان دەدات کە ئەو بەبرای خۆی دەزانێتو بەزەیی پێدادێتەوە کە ئەو شەوورۆژ لە پێناو ماڵو منداڵەکەی کار دەکاتو لەملاشەوە سەمیرە ناپاکی بەرامبەر دەکات، پێی دەڵێت سەمیرە لەگەڵ سەردار دەستی تێکەڵاو کردووە. مێردی سەمیرە سەری سوڕدەمێنێ زۆر ئاستەم دەبێت بڕوا بەو قسانە بکات، کەسێك کە بەخۆشەویستی ژنو مێردایەتی هەڵبژاردوەو چەند ساڵێکە بەیەکەوەنو منداڵیان هەیە چۆن خیانەتی لێدەکات، بە شپرزەییەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە راستیەکان رۆوبەڕووی سەمیرە دەکاتەوە، بەڵام سەمیرە نکۆڵی دەکات. مێردی سەمیرە ئەو شەوە لەداخان لەماڵی خۆیان ناخەوێتو بۆ بەیانی پرسو را لەگەڵ چەند کەسێکی خۆیان دەکاتو بە کۆکردنەوەی چەند بەلگەیەك راستی مەسەلەکەی بۆ دەردەکەوێت. مێردی سەمیرە لەبەرامبەر ئەو ناپاکیەی سەمیرەدا تەڵاقی دەداتو سەمیرەش لەبڕی منداڵەکانیان ئاڵتون هەڵدەبژێرێتو لێکجیادەبنەوە. سەمیرە لەبەرامبەر ئەو وەزعەی بەسەریدا هاتووە دڵخۆشی خۆی بەو بەڵێنانە دەداتەوە کە کاتی خۆی سەردار پێیداوە بەڵام سەردار هەر سۆراخیشی نامێنێ، هەرچەند سەمیرە

لای هاوڕێکانی سۆراخی دەکات بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام دەبنو سەرداریش کە دەزانێ سەمیرە سۆراخی کردوە بە تەلەفۆنێکی ژمارە نەناسراو پەیوەندی پێوە دەکات کە چیتر بەدوایدا نەگەڕێتو پێیڕادەگەیەنێ کە نیازی نیە بیهێنێتو ناشیەوێت چاوی بەچاوی بکەوێت. هەرچەندە سەمیرە لەم وەلامەوە هەست بە بێئومێدیو پەشیمانی دەکات لەو کارەی کردی بەڵام دیسان لەڕێگای چەند کەسێکەوە هەواڵی بۆ دەنێرێت کە ئەو لەبەرخاتری سەردار وای بەسەرهاتوو دەبێ ئەویش ڕێگاچارەیەکی بۆ ببینێتەوە بەلام دیسان بێسوود دەبێتو سەردار وەلامی ناداتەوە، سەمیرە ئەمجار یەخەی ئازیز دەگرێت، بەڵام ئازیز هەرزوو وەلامی دەداتەوە کە ئەگەر تۆ ژن بایت نە دەبوایە بەقسەی کەس خیانەت لە مێردەکەت بکەیت. ئیدی لە نێوان ئەو کارەساتەو خۆ وونکردنی سەردارو وەلامی ئازیزو لۆمەی کەس‌وکاری سەمیرە زۆر جار هەوڵی خۆسووتاندن دەدات. بەم شێوەیە دڵی وەك بەرد ڕەقی ئازیز ئاو دەخواتەوەو وا دەزانێ تۆڵەی خۆی کردۆتەوە. ڕیشەی ئەم رووداوە لە بنەڕەتدا بۆ هەڵەشەییو سەرەڕۆیی ئاراس دەگەڕێتەوە کە لەیەك کاتدا دەیەویست چارەنووسی دوو کەسی لەدەستدا بێتو دووکەسی لەیەك کاتدا خۆش بوێت. بەڵام سەمیرەو مێردەکەیو منداڵەکانیان کەوتنە دەست چارەنووسێکی نادیارو بوون بە قوربانی. هەرچەندە نازانین راستەوخۆ ئەو رووداوە کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئاراسو شەمام هەبوو یاخود نا بەڵام ئەوەندە دەزانین کە ئەوانیش لە ئاکامدا بۆیەکتر نەبوونو شەمام شووی بە کەسێکی دیکە کردوو ئاراسیش ژنی هێنا، کەواتە ئەوە قەدەر نیە کە بەبێ ویستی خۆمان یاری بە چارەنووسمان دەکات، بەڵکو خۆمانین درووستکەریو خۆشمانین ڕێگاکانی ئالۆزکردنی دروست دەکەین.

# هەرەسی خۆشەویستی لە بەرابەر خواکاندا

## بۆ ئەو فریشتەیەی ئیزرائیلێکی سەرزەوی رۆحی دەبات



سروش عوسمان

عەشق تەنها ئەوکاتە دەمرێت کەدەگاتە ئارامی، عەشقی زیندوو هەمیشە لەململانێدایە

پاولۆ کۆیلیۆ

لای ئێمە کۆی ئەوشتانەی مانایەکی فەلسەفیو قوڵیان هەیە هەمیشە یەك وێنەی بۆ دەکێشرێتو بەسەر هەمووانددا دەچەپێنرێت، بەجۆرێك لەدەرەوەی ئەم وێنەیە مەحاڵە بیر لەوێنەیەکی دی بکرێتەوەو هەمووان وەك تاکە میکانیزمێك سەیری دەکەن تالێیەوە تەنها بگەنە ئەو قۆناغەی کەلەم ئەستێرەیەی ئێمەدا جگە لە تونێلێکی بێ کۆتا هیچی دی نییە. بەداخەوە لای ئێمە مومارەسەکردنی عەشق ئەوەندەی میکانیزمە بۆ خواستە دەرەکیو بەریەککەوتنی جەستە ساردو سڕەکان ئەوەندە ئامانج نییە تالەوێوە ئەو واقیعە تاڵەی هەمووومانی هەراسان کردووە بیگۆڕینو هەوێنی دروستکردنی دیالۆگو نەوەیەك فێر بکرێت پێداگری لەسەر پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیو بەهەستێکی بەرپرسیارو ویژدانێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات. کاتێك شوناسی عەشق وەك هەریەکێك لەشوناسەکانی دیکەی دونیای ئێمەدا تووشی دۆگما دێتو کورتدەکرێتەوە بەتەنیا بۆ ئەو قۆناغە ژیانی تاکەکەسییەی کەهیچ لەعەشق نازانێتو لەسەرەتای ووشیاریو مومارەسەکردنێکی بێ پلاندایە، گوناهێکی گەورە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە دەرهەق بەمانای خۆشەویستی لەبەرابەر کۆی ئەو شتانەی سروشتو دیانەتەکانو قۆناغەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی داوامان لێدەکات. خۆشەویستی لای ئێمە پرۆسەیەکە ململانێکەی تەنیا لەوکاتانەدایە تا ئەم دوو ڕەگەزە دەگەیەنێتە فۆرمی ژیانی پێکەوەیی، ئیدی لەوێوە ناوێکی دیکەی لەشێوەی خزمەتکردنی مێرد یادایكو باوکی مێردەکەیو ئاشنابوونی لەگەڵ کۆمەڵێك مرۆڤی دی کەئەوەندەی دەبنە ڕێگرو ڕوخێنەر ئەوەندە نابنە مرۆڤێك لایەنی کەم گفتوگۆو مامەڵەیەکی دی لەدەرەوەی ئەمە کۆیانبکاتەوە، شوناسی خۆشەویستی لەدوای قۆناغی پێکەوەیی لای ئەم دوور ڕەگەزە پەیوەندی بە مۆراڵی تایبەتیو دونیابینیانەوە نییە بۆ کۆی شتەکان، بەڵکو پتر پەیوەندی بە شتێکی دیکەوە هەیە لەدەرەوەی خۆیانو لەدەرەوەی ئەو مێژووە درۆزنەی کەهەریەکەیان بینایانکردبوو تالێیەوە بگەن بەو دونیایەی کەپڕە لە خود وێرانکردن، خۆشەویستی بەر لەپێکەوەیی دەستپێدەکاتو دواتر کۆتایی دێتو ناوێکی ترو مانایەکی دی پێدەدرێت جودا لەو مانایانەی ئێمە لە پاولۆ کۆیلیۆ (عەشق تەنها ئەوکاتە دەمرێت کەدەگاتە ئارامی، عەشقی زیندوو هەمیشە لەململانێدایە)و ئەوانی دیو لەکتێبەکانەوە فێری دەبین. وێنەی تاك لەبەرابەر واقیع ئەوەندەی تەسلیمبوونی ماناو جەوهەری پێدەبەخشێت ئەوەندە خود کاراکتەرێکی ئەکتیڤ نییە کەبەدڵنیاییەوە ژیانێکی مانادارتر دەبەخشێت، لێرەوەیە کە ئێمە لەبەرابەر خۆشەویستی شکست دەخۆین، لەبەرابەر ئەمەشدا بەدوای ئەلتەرناتیڤدا نیین، ئەلتەرناتیڤ کپکردنی ئەو وێنە دێوەزمەی ئەوانی دییە کەلێناگەرێت تەنانەت نەك جیابوونەوە بەڵکو فۆرمێکی دی بۆ پێکەوەبوونیان لەسەر بنەمای لەیەکگەیشتن دابڕێژنەوە، تا بینەقاقایان لەناو کولتورێکدا غەرقبوون کەئەستەمە دیوارێك لەنێوان حیکایەتی تایبەتیو حیکایەتی گشتیدا بکرێت، حیکایەتەکان هەموویان یەك شتن دەبێت مانیفێستبکرێنو لەسیاقی خۆیان فڕێبدرێنە دەرەوە، شتێك نییە لە دەرەوەی (جەستەو مادده) بەیاننەکرێتو دواتر ماناکانی بەوشێوەیە لێکبدرێتەوە کەمن بەو جۆرە لێیتێدەگەمو دەکرێتە بنێشتێك هەریەکەو بەلایەکی ددانەکانیو شێوەی فوتبۆڵی جیاوازی لێدروستدەکرێت، لێرەوە ئەوەی خۆی لەدەستدەدات ووشەو ماناکانێتی بۆ ناو دونیایەك کەدواتر بتوانین باس لەدەوڵەمەندبوونی رۆحێك بکەین کەموقەدەسبوونی مانیفیستێکردنێکی دەوێت. بەداخەوە ئەو موقەدەسە دەبێت لەدەرەوەی خۆمانو لەژێر ماناکانی ئەواندا بەیانبکرێتو لێرەشەوە توشی هەمان شکست دەبین. ئایا ئێمە دەتوانین لەدەرەوەی خواکان عەشق بکەین؟ ئایا خواکان هەر ئەو باوکەیە کەدوابڕیار لەلای ئەوە یان کۆی خانەوادەکان یاخود باوکێکی سیاسیو کولتوری؟ عەشق لای سیاسەت چ وێنەیەکی هەیە؟ کۆمەڵگا کام مۆدێل لەعەشق قبوڵ دەکات؟ تاکی عاشق چ خوایەك لەمێشکیدا سەوز دەبێت؟ ئەو پرسیارەی لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستەی لەسەربکەمو وەڵامە بۆ پرسیارەکانی دی تاکی عاشق چ خوایەك لەمێشکیدا سەوز دەبێت؟ (خوا لێرەدا بەو مانایەی تاك ویستێکی سایکۆلۆژیی هەیە تا لێیەوە دونیایەکی جودا لەئەوانی دی دروستبکاو بەکارهێنانی ئەو وێنە هەڵەیەی کەدەستدەخاتە نێو ژیانی هەمووان)، لەڕاستیدا کورتکردنەوەی مرۆڤ لەڕەهەندە فیزیکیەکەیدا ئێمە توشی کارەساتو پێویستیمان بەدەرخستنی ڕەهەندەکەی تری دەبێت تا لەوێوە بتوانین قسە لەسەر خواییبونی هەموو ئەوانە بکەین کە دەمێکە سروشتیبونی ئەم پەیوەندییە لەباربراوە، کێشەی سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە لێرەوە دەستپێدەکات بەکۆی پێکهاتە جیاوازەکان بەرگرییەکی بێ وێنە لەم دۆگمایە دەکەنو مێژووی دینی مەسیحییەتی بەر لە شۆڕشی فەرەنسی خۆی دووبارە دەکاتەوە. خوایەکان یەك جۆر نین، هەریەکەو لەنێوەندێکەوەو بەستایلێکی جیاواز لەشێوەی موقەدەس خۆی مانیفێست دەکات، ئەوەی ئەمانە لێکجیاناکاتەوە ئەو وێنەیەیە کەلەمێشکی

ئێمەدا لەشێوەی خوادا خۆی دەردەخات و ڕەنگدانەوەی ئەم وێنەیە بەسەر کۆی جووڵەو بیرکردنەوەکاندا، وێنەی ئەم خوایانە لەهەموو شوێنێك چێنراون و هەمیشە لەپەرەسەندندان و لەناوناچن ئەگەر لەناویشبچن مۆدێلی دیکەیان لەدایك دەبێت، ئەوەی زۆرتر ئێمە ماندوو دەكات ئەوەیە ئێمە ناتوانین بەبێ ئەم خوایانە بژین، ئەگەر ئەلتەرناتیڤی ئەمانە لەئارادابن لەسەرەتادا و هێشتا کەمێك هۆشیارن پێی. خواکان بەئەندازەی مرۆڤەکان خۆیان هەن، ئەستەمە بتوانرێت لەیەك بۆتەدا کۆبکرێنەوەو کورتبکرێنەوە بۆ مۆدێلێك و بۆ پێکهاتەیەك، خۆشەویستی ئەو شتەیە کەدەبێت خواکان بریار لەجۆرو شێوازو مومارەسەکردنی بدەن و ئەو قۆناغە دیاری بکەن کە شاردنەوەی فەیدیناکە، لەمۆبێلەکان و تێلەکانەوە فەیناکە، بەڵام بێ هەستو بێ رۆح، ڕۆحەکەی بگوازرێتەوە بۆ سەرزاری هەموان و بەرامبەری پێ ئەتکبکرێت، یاخود گوزارشت لەوەبکات ئێمەش عاشقین بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئەوانی دی مومارەسەی دەکەن، خۆشەویستی لێرە یەك وێنەی هەیە خواکان وێنەی دەکێشن و پێمان دەفرۆشنەوە. لێرە خۆشەویستی چ جای لایەنی پراکتیکی ڕەهەندە تیۆرییەکەی لەبێماناترین دۆخی خۆیدا دەژیەت، بەجۆرێ تێزێك نییە قابیلی لێکدانەوەو خوێندنەوەی جیاوازبێت، خۆشەویستی ئەوندە سواوە پێویست ناکات چیتر داسەکانی لێ تیژ بکەین، هەمووان لەئەندازەی پێویستی خۆیان دەربارەی دواون و مومارەسەیانکردووە، ئەو ئەندازە زۆرەی خۆشەویستییە نایەڵێت کۆمەڵگای ئێمە پێشبکەوێت. بەڕاستی ئێمە لەخۆشەویستی بێزارین؟! سەرچاوەی ئەوبێزاریانە لەکوێوەیە؟ ڕۆحی خۆشەویستی چییە؟ چ شتێکە نەك ئەم کایە گرنگەی ژیانی ئێمە کۆی کایەکانی تری بێماناکردووە؟ تاکە وشەیەك داخڵی وەڵامێکی ڕاستو خوێندنەوەی ئەم دیاردانە بکات "خواکانن" ، ئەو خوایانەی جارێك وەکو سیاسیو جارێك وەك مێژوو جارێك وەك کولتورو جارێك وەك دینێکی تازەو ........هتد فەرمانمان پێدەکەن و پێمان دەڵێن ژیانتان دەپارێزین، هەندێکیان پارچەیەك زەوی لەبەهەشت نەما پێمان نەفرۆشن هەندێکیان جگە لەڕابردوو خوایەکی تریان سەوز نەکردووە، ڕابردوو قابیلی موجامەلەکردن نییە، خۆشەویستی لەڕابردوودا چ فۆرمێکی هەبووە ئێستاش هەمان فۆرم. خواکان بەتەنیا خوایەکی کۆمەڵایەتی نین، سیاسییەکان نمونەی خوایەکی دیکەن کەئێمە ئەمرۆ بەشێوازێکی دی جیاواز لەجاران ناچارین بیانپەرستین، چونکە ئەمانن دواجار سەرچاوەی بژێویمان، دەتوانن خۆشبەختمان بکەن شادیمان لێبسەننەوە، بحەپێنین، گاز بگرین، خواکان زۆر جار وەڕس دەبن و داوامان لێدەکەن کەمەکێك دەردە دڵیان بکەین، ئەوان خوایەکی مەغرورن، خۆشەویستی لای ئەوان دواجار لەجەستەدا کورتدەبێتەوە، بۆیە ئەوەی لەدەرەوەی ئەمە بۆچونێکی دی هەبێت لێیدەرپرسرێتەوە، نا ئێمە بەهەڵەدا دەچین ئەوان کاریان بەخۆشەویستیدا نییە، بەڵکو تۆوی ئەم واقیعەی ئێمە دەیچنین ئەوان خراپ دایانچاندوە، ئەوان خوایەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکی هەلپەرستن، ووتەی ئەو نوسەرەم بەبیرهاتەوە (کورد وەك سەگ وایە نانی پێبدەی پێت ناوەڕێ) ئەمەیە بەرنامەی سیاسییەکانی ئێمە، خواکانی ئێمە وەك سەگ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، لێرەوەیە خۆشەویستی هەرەس دێنێت، چونکە لەبری خۆشەویستی دەبێت فێری وەڕین بین، لەهەموو شوێنێ گیانی بەرگری نەوەك لەیەکگەیشتنمان هەبێت، جەنگاوەرێك بین بەرگری لەقەڵایەك بکەین بەئەندازەی قسەنەکردن لەمیتافیزیقیا قسە لەهەرەمەکانی ئەوان و پرسیارشیان لەبارەوە نەکەین. ئەوان نەوەك خوای رۆزین بەڵکو خوای ئاسایش و شادیو مان و نەمانمانن.( لەم ماوەیەدا خوایەکی بێئیمان خوایەك لەشارستانیەتێکی دی گەڕایەوە، شارستانیەتێك ئەوەندەی لامان بووەتە کانگای پارە ئەوەندەش نەفرین لە مرۆڤایەتی و پێشکەوتنیان دەکەین، بەداخەوە لەچاتەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەوێ یا ئەوەی لەوێیە دەبێت یەك شتمان بۆ بنێرێتەوە تەنیاو تەنیا پارە، خۆی گرنگ نییە هەڵگری چ بەهاو دێدێکی نوێ دەبێت بۆ ژیان، گرنگی ئەو لەزۆرترین بڕی ناردنەوەی پارەدا دەردەکەوێ، لێرەدا نەمۆراڵ و نەئایدیا ئەرزشێکیان نابێت، ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە هاتنەوەی ئەو ئیزرائیلە بوو بۆ گیانی فریشتەیەك، فریشتەیەك گوناهەکەی تەنیا درکاندنی خۆشەویستی بوو، لەوەش گرنگتر بێدەنگی هەموو ئەو کەسە نزیك و دۆستانەی بوو کەتەنانەت لەدەرخستنی ڕاستییەکانیش سڵیان دەکردەوە چ جای هەڵوێست وەرگرتن لەبەرابەر ئەم فریشتەیەدا، پرسیارێکی زۆر سادەم لەیەکێك لەوانە کرد کە کەمەکێك ئاشنایی و هاتوچۆیان بەیەکەوە هەیە دەربارەی قسەو باسی خەڵك لەرۆژی تازیەدا، بێگومان زانینی وەڵامەکەی لای هەمووان سانایە، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە مردنی ئەو ویژدانەیە کە هەموو ئەوانە



لەم جێگا پیرۆزەدا کۆدەکاتەوە، ئەو هەموو مرۆڤە بێمانایە بەچ هەستێکەوە تازیە لە ئیزرائیل و ڕۆح کێشانی ئەو فریشتەیە دەکەن؟! بەڕاستی بێمانایە یەکێك لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەکەی ئەوان هاتبوون بۆ تازیەی دایکم یا برام یاخود مامم منیش دەبێت بچم. ئەم فریشتەیە بەهۆی خۆشەویستی ڕۆحی سەفەری کرد کەسێك نەبوو ئیتر بەسە مرۆڤ لەوە مەزنترە خوای سەرزەمینی بۆ دابین بکرێت، دینێکی بداتێ بێماناترین دین، کولتور ئەو دینەیە کەلەدینە ئاسمانیەکانیش پیرۆزترە. ڕۆحکێشانی ئەم فریشتەیە لەلایەن خوایەکی سەرزەمینییەوە نابێت بەهۆی لایەنی کەم گفتۆ گۆکردن لەسەر ئەم جۆرە خوایانەو پاشەکشێپێکردنیان بۆ وەك منێکی ئاسایی (دەسەڵاتی هیچ کەسێك بەسەر کەسێکی دی دەسەڵاتێکی سروشتی نییە).

soroosh_xama@yahoo.com

# ئێوارەیەك لەشانۆی پێشڕەو







ئا: خەبات محەمەد

ڕۆژی ٧/ ٦/ ٢٠٠٧و ڕۆژانی دوایی لەسەر شانۆی هۆڵی سلێمانی، تیپی پێشڕەوی شانۆی کورد لەسلێمانی شانۆگەری(ئێوارەیەك لە شانۆی پێشڕەو)ی نمایشکرد، شانۆگەریەکە لەنوسینی(محەمەد ماغوت)و وەرگێڕانو ئامادەکردنی(د.شێرکۆ عەبدوڵلا)و دەرهێنانی(ئازاد محەمەد بچکۆل)بوو. کاك (ئازاد)ی دەرهێنەری شانۆگەریەکە سەبارەت بە بیرۆکەی شانۆگەریەکە گووتی"بیری نوسەر خۆی لەوە چڕ دەکاتەوە کە هەتا تەنگژە سیاسیەکان، هەتا بازنەی تەنگژەکان فراوانتربێ، هەتا ناڕاستو حەقیقەتەکان چەواشەو ئاوەژوبکرێن، تا نەخشەو پلانی دووژمنان تۆکمەتربێ، حەقیقەتێك هەیە، ناکرێ شوێن بزرکرێ ئەویش ئەو خاكو خۆڵە لەتو پەت پەتەی ئێمەیە، ئەو نیشتمانەی ئێمەیە کە نیشتمانێکی زۆر جوانە، ئەمە ئەو پەیامەیە کەنوسەر دەیەوێ بیڵێ" سەبارەت بە پرۆژەی داهاتوویان گووتی" بە هاوکاری دۆستانو هۆگرانی شانۆ کاروانەکەمان بەردەوام دەبێت" هونەرمەند (مستەفا ئەحمەد) ئەکتەری سەرەکی شانۆگەریەکە سەبارەت بە بارودۆخی شانۆی کوردی لە ئێستادا گووتی"وەکو ئاشکرایە شانۆی کوردی لە قەیرانێکی زۆر سەختدا دەژی بەڕای من، هۆکارەکەشی هونەرمەندان خۆیانن، چونکە دابەشبوونی هونەرمەندانو دورە پەرێزیو ئاوارەییو هەندێك کۆچیان کردوەو لێکترازانو دابڕان دەوری کاریگەریان هەبووە" هەروەها گووتی" هیوادارم ئەم کارەشمان وەکو کارەکانی دیکەی گروپەمان سەرکەوتو بێت" دەریا جەمال کە یەکێکە لە هونەرمەندانی بەشداربووی شانۆگەریەکەو کارەکتەری سەرەکیە سەبارەت بە ڕۆڵەکەی گوتی" ڕۆڵی جولێت دەبینم، کەسایەتیەکی بوغراو لەخۆباییم زۆرێك هەن ناهێڵن نمایشەکە بگاتە پێشکەشکردنو لەمپەر دەخەنە پێش ئەو خۆشەویستیەی بۆ کارەکەمان، بۆ یەکتر، لەگەڵ ڕۆمیۆ هەمانە، بەڵام سووربوونو کۆڵنەدان لە هەستو سۆزی ئێمەدا هەیەو بەدەنگی بەرز دەیدەین بە گوێی بینەراندا" هەردی قەرەداغی کە ڕۆڵی ڕۆمیۆ دەبینی باسی ڕۆڵەکەی خۆی کردوو گووتی" کەسایەتی ڕۆمیۆ کەسایەتیەکی فشەکەرە، من زۆر خۆم بەبەختەوەر دەزانم کار لەگەڵ ئەو هونەرمەندە گەورانەدا دەکەم، ئەمە خەونێکی لەمێژینەی من بوو. پێم وایە ئەم کارە لە کارە بەرزەکانی تیپی پێشڕەوە" ئاشتی کەمال سەبارەت بە





کارەکانی تیپی شانۆی پێشڕەو گووتی" دیارە تیپی پێشرەو لەو ساتەوە دامەزراوە تا ئەم ساتەوەختە کە خەریکی کارێکی نوێی خۆیانن جێ پەنجەیان چ لەسلێمانیو درەوەشو کوردستان بەگشتی دیارە کەتوانیویانەو بەهۆی ئەو کارە جوانانەی کردویانە رێچکەی خۆیان بگرن" مامۆستا کەریم کارەکتەری سەرەکی شانۆکە گووتی" رۆڵی من کەسایەتیەکی کەمێك ساویلکەیەو بە کۆمەڵێ بارودۆخدا تێدەپەڕێ، حەزی زۆر لەنواندنە، کەسێکی خزمەتگوزارە، بەڵام لەناخەوە هەڵچونێکی زۆری هەیە" سەبارەت بە رای لەسەر تیپی پێشڕەو دەڵێ" تیپی پێشڕەو تیپێکە لەسەرەتای حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ کاریگەری لەسەر جەماوەر هەبووە، کارەکانی لە بیری خەڵکدا ون نابن" ڕێبوار رەحیم کارەکتەری شانۆگەریەکە گووتی" بەڕاستی ئێمە زۆر دەمێکە خەریکی ئەم کارەین، بەڵام نەرەخسا پێکەشی بکەین لەبەر چەند هۆیەکی هونەری، بەڵام ئێستا کەوتوینەتەوە کارکردن لەسەری هیوادارین بەدڵی جەماوەربێت" سەبارەت بە قەیرانی شانۆ گوتی" ئێستا دەقی شانۆی باش کەمەو دوای ئەوەش سەتەلایتو تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری زۆری هەیە وەك دەبینن ئێستا سینەماش باوی نەماوە ئەمانە کۆمەڵێ هۆن بۆ ساردبونەوەی جەماوەری شانۆ" لە کۆتاییدا وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ گروپی شانۆی پێشڕەو هیوادارین کە بەم کارە تازەیان جارێك دیکە گەرمو گوڕی بخەنەوە هۆڵەکانی شانۆو جەماوەر بە کارە بە پێزو سەرکەوتوەکانیان ئاشنا بکەنەوە.

مـــۆڕاڵ

# ستەمی نووسین



پەیوەندعومەر

شێوازو ئەزموونکردنی زیندەگی ئێمە بەجۆرێکە، زۆرینەی هەنگاوو وتە جیاوازەکانمان نەگەتیف دەکەوێتەوە. واتە لەنێو نۆرمو لۆچەکانی ژیانی ئێمەدا ستەمکارێك هەیە، کار بۆکوشتنی جوانیەکان دەکاتو ئەنانیەت بەرهەم دەهێنێ. ئەنانیەت بەو مانایەی لە چوارچێوەو فۆرمێکی ستەمکاریدا کاربکەیت بۆ کوشتنی ئەوی دی، لە پێناو مانەوەی خۆتدا. یاخود بەرزو پیرۆزکردنی خۆتو سادەکردنەوەو بێبایەخکردنی بەرامبەرەکەت. لە دوای راپەڕینەوە ئەم مۆدێلی مامەڵەکردنە، بەشێوازێکی بەرچاو دابەزیوەتە ناو نووسینی ئێمەو نووسەرانیش لەبەری ئەو دارەیان خواردو کار لەسەر کوشتنی یەکترى دەکەن.

راپەڕین سەرەتای گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی نەبوو، بەڵکو تەقینەوەیەکی فەرهەنگیو مەعریفی مەزنیشی دروستکرد، بە لێشاو نووسەرو رۆژنامەنووس دەردەکەوتن لە بواری میدیادا چەندان رۆژنامەو کەناڵی (tv)و رادیۆ پەخشی خۆیان کرد. بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئایدۆلۆژیا ناکۆكو دژبەیەکەکان، بە شێوازێکی ناتەندرووست لەهەوڵی پاوانکردنی نووسەرو جەماوەردابوون. نووسەرانیش کە بەشێك بوون لەو جەماوەرە پۆلێنکراوە، هەر لە سەرەتاوە پارچەپارچە بوون. جێگای داخە قەڵەمی زۆرینەشیان نەك بونە شوێنکەوتەی ئایدۆلۆژیا، بەڵکو بەشداری شەڕی ناوخۆو رشتنی خوێنیان کرد، کە دواجار دەستبەتاڵ مانەوە. زەمەنێك بەسەر ئێمەدا گوزەری کرد، بێلایەنیو نەبوونی ئینتیما بۆ حزب مەحاڵو نەگونجاو بوو، بۆیە سەربەخۆییو کارکردن بە روئیایەکی بێلایەنانە قوربانیو باجی گەورەی دەویست. رەهەندیەکان وەك نموونەی ئەو قوربانیدانە توانیان لەناو ئەو واقیعە حزبیەدا بەسەر مەحاڵدا سەرکەونو وەکو گروپێکی رۆشبیریی سەربەخۆو کارا دەربکەونو کاریگەریەکی مەزن درووست بکەن. هەر لەسەرتاوە ئەم گرووپە کەوتنە بازنەیەکەوە کە حزبو دەسەڵات کێشای بەدەوریاندا، لە پێناو بێهێزکردنیان. گەورەترین ئیتیهام ئەوە بوو کە کارەکانیان نۆرماڵ نییەو بوونە نەقڵکەری کەڕوڵاڵی کولتووری خۆرئاواو تەعمیم کردن بۆ ناو کولتووری کوردی. ئەمە سەرەتای جەنگێکی نەبڕاوەبوو کە لەگەڵ ئەو گروپەدا دەستی پێکردو بەچەندان شێوازو رێڕەوی جیاوازداو بەپێی هەلومەرجەکان بەردەوام بووە. هەوڵدراوە تێزی نووسینەکانیان بێبایەخ بکرێت، وەکو گروپێکی نەویستراوو نامۆ، لەلایەکی دیکەشەوە، بیرلەوە کراوەتەوە کە چۆن ئەوانیش بکرێنە کوڕی بەوەفای حزبو وەکو ئەم هەموو نووسەرانەی کە قەڵەمەکانیان لەناو پەنجەی خۆیاندابوو، دڵو لاشەشیان لەنێو پەنجەی حزب. بەڵام رەهەندیەکان بەتایبەتی (بەختیار عەلیو مەریوان وریاو، رێبین هەردی...هتد) لەوە گەورەتربوون کە بکەونە ناو ئەو جۆرە واقیعە کاربۆکراوە. دوایین هەوڵی نووسەرانی حزبو دەسەڵات بۆ رامکردنی نووسەرانی رەهەند، پڕکردنەوەی فۆرمی موچەی رێزلێنان بوو، کە چەندان کەسی ناشایستە وەریدەگرن.

ئەم هەوڵە هەرچۆنێك بێت، شتێکی ناشیرین بوو چونکە زانرا، ئەو نووسەرانە خۆیان ئاگایان لەو هەوڵە نەبووەو هیچ موچەیەکیشیان بەو ناوە لە حکومەت وەرنەگرتووە. بەڵام پرسیار لێرەدا، باشە کەوەزارەتی رۆشنبیریی خۆی ئەم سیناریۆیەی رێکخستووە ئەو هەڵڵایەی لەپای چی؟ کە ئەو خۆی وەك خەمخواردنو بەتەنگەوەهاتن ئەمەی کردوە، بڵاوکردنەوەی وێنەی بڕینەوەی موچەکەیان بەمانای چی؟ لەکاتێکدا کە ئەوان لە پڕکردنەوەو وەرگرتنی موچەی لەو شێوەیە بێخەبەری خۆیان راگەیاند. ئایا ئەمە هەموو وەفای وەزارەتی رۆشنبیرییو نووسەرانی حزبە، بۆ ئەو رۆشنبیرانەی چەندان ساڵە خزمەت بە کۆمەڵگەی خۆیان دەکەن بێ بەرامبەر. دواجارئەم تۆمەتانە کەلا چوو، کێوی بیر لە هەیبەتی رەهەندیەکانیش دەرکەوت، لێ کە سەرکەوتن بەسەر ئەو چیاو لوتکە سەرکەشانەدا سانا نییەو لەتوانای هەموو کەسدا نییە ! راوچی خراپیش تەنها لە ئاوی لێڵدا راودەکات.